# بڕیارەکەی دادگەی ئیتیحادی لەنێوان هەڕەشەو دەرفەتدا

لەئەنجامی ململانێی نێوان هێزە سیاسییەکانی هەرێم (بەتایبەت پارتی و یەکێتی) و کەمتەرخەمیان لە ئاست بەجێگەیاندنی ئەرکەکانیان، سەبارەت بە (یاسای هەڵبژاردن) چەند سکاڵایەک ئاراستەی دادگەی ئیتیحادی کران، دوای تاوتوێکردن و بەڕێوەچوونی چەندین دانیشتن، لە ڕۆژی (٢٠٢٤/٢/٢١)دا دادگای ئیتیحادی بڕیاری خۆی لەبارەی ئەو سکاڵایەوە دەرکرد کە (یەکێتیی نیشتمانی کوردستان) لەسەر سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، سەرۆکی هەرێم و سەرۆک وەزیرانی هەرێم تۆماریکردبوو. سکاڵاکار داوای لە دادگای فیدراڵی کردبوو حوکم بدات بە نادەستوری بوونی ماددەکانی (١، ٩، ١٥، ٢٢، ٣٦)ی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانی هەموارکراو، کە تایبەت بوون بە: ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان، کورسی کۆتاکان، بازنەی هەڵبژاردن، تۆماری دەنگدەران و لیستی پاڵێوراوان. لە ئەنجامدا لە گرنگترین بڕیارەکانی دادگەی ئیتیحادی بریتی بوون لەمانەی خوارەوە، کە دەکرێت هەندێکیان بە تەکنیکی و ئەوانەی تریش بە سیاسین پۆلێن بکرێن:

١-تانە لە ماددەی (١) ی یاساکە دراوە کەتیایدا هاتبوو "پەرلەمانی کوردستان لە ١١١ ئەندام پێکدێت"، سکاڵاکار نوسیویە هیچ پێوەێک نیە بۆ دانانی کورسیەکان، بۆ ئەمەش پشتی بە برگەی (١)ی ماددەی (٤٩)ی دەستوری عیراق بەستووە کە هاوشێوەی ئەنجومەنی نوێنەران بێت: "یەک کورسی بۆ سەد هەزار کەس لە دانیشتوان". لەئەنجامدا دادگە بڕیاریدا بە کەمکردنەوەی ڕێژەی کورسیەکان بۆ (١٠٠) کورسی، لەکاتێکدا دیار نیە ئاخۆ دادگەی ئیتیحادیش لەکەمکردنەوەی کورسیەکان پشتی بە چ پێوەرێک بەستووە! ئەگەر بەپێی دەستور بوایە هەر سەد هەزار کەس لە دانیشتوان کورسییەکی بۆ دەستنیشان بکرایە، دەبوایە بکرێت بە (٦١) کورسی گشتی، چونکە بەپێی دوا ئاماری بەڕێوەبەرێتی گشتی ڕەگەزنامەی هەرێم ژمارەی دانیشتوانی هەرێم بریتییە لە (٦١٠٣٢٧٤) کەس. جگە لەمە دانانی ژمارەی (١٠٠) کورسیش لەگەڵ کاری پەرلەمانی و راسپاردنی کوتلەی گەورەو پێکهێنانی حکومەتدا وێکنایەتەوەو ئەگەری دروستبوونی کێشەی هەیە.

٢-تانە لە مادەی (٩) ی یاساکە دراوە سەبارەت بە گۆڕینی جوگرافیای هەڵبژاردنی هەرێم لە یەک بازنەییەوە بۆ فرە بازنەیی، کە لە چوار بازنە کەمتر نەبێت، ئەم خاڵەشیان کارێکی بەجێیەو بەهۆیەوە نوێنەرایەتی ناوچەکان باشتر بەرجەستە دەبێت و بواری گزی و ساختەکاریش کەمتر دەبێتەوە. بەڵام ئەو چوار بازنەییەی لەلایەن دادگەی ئیتیحادیەوە هێنرایە کایەوە، دەکرا لە پەرلەمانی کوردستانیش بکرێت، لەکاتێکدا هەموو لایەنەکان ڕازی بوون لەسەری.

٣-تانە لە مادەی (١٥) ی یاساکە دراوە سەبارەت بە پێداچوونەوەو ڕێکخستنی تۆماری دەنگدەران، ئەمەیان کارێکی یاسایی و لەجێیەو جێگەی دەستخۆشیە، ساڵانێکە دەبوایە خودی پەرلەمان و حکوەتی هەرێم پێی هەڵسن. لەکاتێکدا ئامادەکردنی تۆمارێکی پاک و بێگەرد ئەرکی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن و ڕاپرسی هەرێمە، ئەو کۆمسیۆنە لە ساڵی (٢٠١٥) دروستبووە، ڕاپرسیەک و تەنها یەک هەڵبژاردنی ئەنجامداوە، هەردووکیانی بە تۆماری دەنگدەرانی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عیراق کردووە، بە تەکلیف وەری گرتووە، لەکاتێکدا (٩) کۆمسیاری بە پلە وەکیل وەزیر و (١٢) بەڕێوەبەری گشتی و (٥١٨) فەرمانبەری هەیە، ماوەی (٩) ساڵە مانگانە نزیکەی (٩٠٠) ملیۆن دیناری وەک موچەی نەسریە بۆ خەرج دەکرێت، کەچی تا ئێستاشی لەگەڵدابێت نەتوانراوە تۆمارێکی دەنگدەرانی بێگەرد دروستبکەن، کە ئەو کاتە کۆمسیۆنەکە هیچ کێشەیەکی یاسایی و سیاسی نەبوو، پرسیار ئەوەیە کۆمسیۆنێک کە نوێنەری لایەنی سکاڵاکاری تیادایە، بودجەو توانای مرۆییان هەبووە، بۆچی لەو ماوە دوور و درێژەدا هیچ کارێکیان لەسەر ئەو تۆمارە نەکرد؟ کەچی ئێستا ئەو داوایە لە بەغدا دەکەن؟ ئەوە چ باوەڕ بوونێکە بە کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی کوردستان و چ بەهەدەردانێکی داهاتی هەرێمە؟

٤- تانە لە مادەی (٢٢) ی یاساکە دراوە سەبارەت بە نادەستوری دانانی لیستی هەڵبژاردن کە ڕێگە بە لیستی تاکەکەسیش بدات، بە مەرجی پاراستنی ڕێژەی ژنان. لایەنە سیاسییەکان دەیانتوانی لە پەرلەمانی کوردستاندا کار لەسەر ئەو بابەتە بکەن.

٥- تانە لە مادەی (٣٦) ی یاساکە دراوە سەبارەت کورسی کۆتاکان، سکاڵاکار داوای دابەشکردنی کورسی کۆتاکانی کردووە بەسەر پارێزگاکاندا، بەلام دادگا بڕیاریدا بە لابردنی هەر (١١) کورسی کۆتا. بەپێی بڕیارەکە بوونی کورسی کۆتا نادەستوورییە، ئەمەش لەگەڵ دەستور و یاسا و واقیعدا وێک نایەتەوە، بەتایبەتی کۆتای مەسیحییەکان، چونکە لەلایەک سیانزە ساڵ بەر لە دەرکردنی دەستوری هەمیشەیی عیراق کۆتای مەسیحییەکان لە ساڵی ١٩٩٢ وە لەپەرلەمانی کوردستاندا هەبووە و لە مادەی

(١٤١) ی دەستوریشدا هاتووە: "کارکردن بەو یاسایانەی کە لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢ەوە دەرکراوە بەردەوام دەبێت، بەهەمان شێوە ئەو بڕیارانەش کارپێکراون کە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دراون – لەوانەش بڕیارەکانی دادگا و گرێبەستەکان، بە مەرجێک پێچەوانەی دەستوور نەبێت". لەلایەکی تریشەوە بەپێی یاسای ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق، (٩) کورسی کۆتا لە ئەنجومەنەکەدا هەیە، کە پێنج لەوانە بۆ مەسیحییەکان تەرخان کراوە، بەمەش ئەو پرسیارە دێتەکایەوە: ئاخۆ نادەستوریبوونی کۆتای مەسیحییەکان لەکوێدایە؟ دادگای فیدراڵی ئەگەر سیستەمی کۆتای کوردستان بە پێچەوانەی دەستوری عێراق دەزانێ، دەبوایە پێشتر کۆتا لەعێراقدا هەڵوەشێنێتەوە، ئینجا بڕیار لەسەر نادەستوری بوونی کۆتا لە کوردستان بدات. کە بڕیارەکەیشی دەرکرد، دەبوایە ئەلتەرناتیڤێکی بۆ مافی پێکهاتەکان پێشنیاز بکردایە و ڕەچاوی کێشە سیاسی، کولتوری، کۆمەڵایەتی و ئاینییەکانی کردبایە، بە جۆرێک چارەسەری یاسایی بکردایە بەبێ ئەوەی مافەکانیان بەیەکجاری فەرامۆش بکات. لەلایەکی ترەوە دەبوایە سکاڵاکاران ئەوەیان بە ئەگەر وەربگرتایە لەکاتی هەڵوەشاندنەوەی کورسی کۆتاکاندا کاریگەری لەسەر پرسی بەیەکەوە ژیان دەبێت کە چەندین ساڵە لە هەرێمدا بەرقەرارە، کاریگەری لەسەر دۆخی شاری کەرکوک دەبێت کە شاری بەیەکەوە ژیانەو کورد تیایدا زۆرینەیە و خواستی سەرکردایەتی کوردستانە کە بگەڕێنرێتەوە سەر هەرێم. ئەو شەڕەی لە بەغدا کردیان دەکرا لە کوردستان بیانکردایە، ئەو لایەنانەی ملیان نەدەدا کورسی پێکهاتەکان دابەش بکرێ، سەری کێشا بۆ نەهێشتنی یەکجارەکی کورسیەکان وەدەرنانیان لە پەرلەمانی کوردستان. ئەگەر لە کوردستان چارەسەر بکرابوایە و لە دوو پارێزگەدا چڕ نەکرابونایەوە سەری نەدەکێشا بۆ ئەوەی ڕەت بکرێنەوەو نەمێنن.

٦-جگە لەمانە دادگا بڕیاری لە نادەستوریبوونی بڕگەی (٢) لە مادەی (٥٦) یاساکە داوە، کە پەرلەمان دەسەڵاتی بڕیاردانی لە پرسە چارەنوس سازەکانی خەڵکی کوردستاندا نەبێت. لەکاتێکدا ئەم بابەتە لە داواکەدا نەهاتووە، بەپێی ئەمە دەبێت بڕیاری ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی پەرلەمانیش هەڵبوەشێنرێتەوە کە تیایدا هاتووە" پەرلەمانی کوردستان تاکە مەرجەعی سیاسی و دەستووری یە بۆ بڕیاردان لەسەر پرسە چارەنووسسازەکانی گەلی کوردستانی عیراق". بەپێی ئەم بڕیارە بێت ئیتر لەمەودوا دامەزراوەی پەرلەمان لەبایەخی کەمتریش دەبێتەوەو هیچیتر مەرجەعی خەڵکی کوردستان نابێت! لەکاتێکدا خەباتی سیاسی بەشێکی گەورەی لایەنە سیاسییەکان لە هەرێمدا ئەوە بووە پەرلەمانی کوردستان ببێت بە مەرجەعی باڵا، بۆ نمونە لە پرسەکانی تایبەت بە سەرۆکایەتی هەرێم، دەستور، پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و فیدراڵ و چەندانی تر لەژێر سەقفی پەرلەماندا یەکلایی بکرێنەوە. لەهەمووشی گرنگتر هەمیشە زۆرینەی پەرلەمان و سەرۆکایەتییەکەی لای ئەو هێزانە بووە کە پارتی نەبوون، چونکە سەرۆکایەتی حکومەت لای پارتی و پەرلەمانیش لای لایەنەکانی تر بووە. لە ئێستادا کە مەرجەعیەتی باڵا لە پەرلەمانی کوردستان وەردەگیرێتەوە، ئەو هێز و لایەن و کەسایەتیە سیاسی و ڕۆشنبیرانەی چەندین ساڵە شەڕی ئەوەیان دەکرد پەرلەمان مەرجەعی باڵای چارەسەرکردنی پرسە چارەنوسسازەکان بێت، لانی کەم بەپێی بانگەشەکانی رابردوویان، دەبوو ئەگەر ئیدانەی ماددەکانی تریش ناکەن، ئیدانەی ئەو ماددەیەیان بکردایەو بهاتنایەتە دەنگ، چونکە گورزەکە بەر ئەوانە کەوتووە، کەچی جگە لەوەی سەبەبکارن، بێدەنگیشن.

پەیامەکانی پشت ئەم بڕیارە زۆر لەوە گەورەترە تا لە پرسی یاسای هەڵبژاردندا بچوک بکرێتەوە، چونکە جیا لەبڕیارەکانی دیکە کاریگەریی بەرچاوی لەسەر پێگە و چارەنوسی هەرێمی کوردستان دەبێت و لێکەوتەکانی ئایندەی قەوارەی سیاسی هەرێم دیاری دەکات. ئەوەش دەگەیەنێ کە تەنها ڕکابەرەکانی کورد پەنا نابەنە بەردەم دادگای باڵای ئیتیحادی بۆ بەرزکردنەوەی داوا دژ بە حکومەتی هەرێم، بەڵکو لایەنە سیاسییەکانی کوردستانیش ئەوەندە ناکۆکن! داوا لەسەر سەرۆکایەتییەکانی هەرێم بەرز دەکەنەوە بۆ بە نادەستوری ناساندنی یاساکانی پەرلەمانی کوردستان! ڕاستییەکی تاڵە لایەنەکانی هەرێم ئەوەندە ناتەبا بن، دامەزراوەکانی ئەوەندە ناکارا بن، پەنا بۆ دادگای باڵای ئیتیحادی ببرێت! دادگایەک (بەو پێکهاتەی ئێستای) چارەنوسی داواکاریەکانیان دیاری بکات و وەک پارێزەری مافە دەستورییەکانی گەلانی عێراق لێی بڕوانرێت.

لەراستیدا ئەم بڕیارەی دادگای ئیتیحادی، درێژە پێدەری کۆمەڵێک بڕیار و یاسا و هەنگاوە کە لە ڕابردودا دراون بۆ لەقاڵبدان و بچوک کردنەوە و دوو کەرتکردنی قەوارەی هەرێم، ئاماژەن بۆ ئەو خواستەی کە چیتر هەرێمی کوردستان وەک قەوارەیەکی سیاسی نەمێنێ، بەڵکو وەک یەکەیەکی کارگێڕی و هاوشێوەی هەریەک لە پارێزگاکانی تری عێراق ئەژمار بکرێت. ئەو هەنگاوە مەترسی ئەوەی لێدەکەوێتەوە لەمەودوا پەرلەمان نەتوانێت بە ڕۆڵی تەشریعی خۆی هەڵسێ و نەتوانێ هیچ یاسایەکی بنچینەیی چارەنوسساز لە هەرێمی کوردستان دەربکات، چونکە ئەگەر تۆزقاڵێک بە دڵی دەسەڵاتدارانی بەغدا نەبێت دادگای ئیتیحادی هەڵی

دەوەشێنێتەوە. ئەمەش وادەکات پەرلەمان لە دامەزراوەیەکی یاسادانانەوە ببێت بە دامەزراوەیەکی بێ رۆڵ و کاریگەر، کاتێکیش دامەزراوەی تەشریعی رۆڵی نەمێنێ، ئۆتۆماتیکی سیستەمەکە لە لامەرکەزی سیاسییەوە دەبێت بە لامەرکەزی ئیداری، ئەمەش سەرەتای نەمانی فیدرالیەتە. چونکە نیەتێک هەیە لە عیراقدا کە دەوڵەتەکە ببێتەوە بە مەرکەزی و فیدرالیەت هەڵوەشێتەوە، ئەو راستیەش لەمەوە سەرچاوە دەگرێ کە تا ئێستا رێگری لە پێکهێنانی هەرێمێکی تری شیعی یا سوننی دەکرێت و بە ئاشکرا بەر بەو هەوڵانە دەگیرێت کە لە خواروو و ناوەراستی عیراقدا هەن، کە ئەمەش پێچەوانەی دەستورە. بۆ بەجێگەیاندنی ئەم مەرامە و داخستنی دەرگەی پێکهێنانی هەرێمی تر، دەخوازن بە هەڵوەشاندنەوەی هەرێمی کوردستان دەست پێبکەن.

بەڵام ئایا لە هۆکاری بنەڕەتی ئەم روداوانە تەنها نەیارەکانی بەغدان؟ یان لەئەستۆی ئەو لایەنانەیە کە سکاڵایان تۆمار کردووە؟ یاخود، بنچینەی هەڵەکان خودی هەرێمە و دوای چارەسەرنەکردنی کێشەکانی وەکو برینی موچە، سیستەمی هەڵبژاردن و رێک نەکەوتن لەسەر کۆتا و چەندانی تر؟ دەبێ ئەو راستیە بزانرێت بەشێکیان جگە لەوەی ویستێکی نێودەوڵەتی و هەرێمایەتی و عێراقیان لە پشتەوەیە، بەشەکەی تری دەرەنجامی بنبەستی سیاسیی هەرێم و نەمانی شەرعییەتی دامەزراوەکانی و پشتگوێ خستنی دەنگە دڵسۆزەکان بوو، خەسڵەتەکانی بێ ئاگایی و گەندەڵی و نادادی و نەبونی حکومەتێکی نیشتمانی یەکگرتوو و دەسەڵاتێکی رەشید لە هەرێمی کوردستان هۆکاری سەرەکین. سەرباری ئەوەی بەشێکی هێزە سیاسییەکان تاکڕەوانە هەنگاویان دەنا، لە بری ئەوەی ململانێکانیان ببەنە ناو پەرلەمان، کەچی بۆ دەستشکانەوەی یەکتر هانایان بۆ بەغدا برد، لەکاتێکدا عیراق بۆخۆی بەدەست دەیان کێشەی دەستوری و سیاسییەوە دەناڵێنێ! هێزە سیاسییەکان دەرەقەتی ململانێکانی خۆیان نەدەهاتن لەناو پەرلەمان و حکومەت، بەغدایان بە فریادڕەس زانی تا ململانێکانیان بۆ یەکالا بکاتەوە. لەناو ئەو بەرداشەشدا هاوڵاتیانی هەرێم و ئەزمونەکەی زەرەرمەندی یەکەم بوون. کە ناچار کران بۆ مافەکانی قوت و ژیانیان هانا بۆ بەغدا ببەن. ئێستاش لایەنە سیاسییەکان بەناچاری ئەبێ رازی بن بەوەی بەسەریاندا سەپێنراوە، چونکە ئەم بڕیارە بە پێی ماددەی (٩٤)ی دەستور پابەند کارە، قابیلی تانەو پێداچوونەوە نیەو تەنها دەبێ جێبەجێ بکرێت.

ئەگەر دەسەڵاتی هەرێم نیشتمانیانە و دڵسۆزانە کاری بکردایە، خەڵکی بە هی خۆیانیان دەزانی و هانایان بۆ هیچ لایەنێکی تری دەرەکی نەدەبرد! ئەگەر لە هەرێمدا دەستور پەسەند بکرایە، ئێستا نە دەستوری عێراق لە هەموو رویەکەوە دەکرایە مەرجەعیەتی یاسایی بۆ کوردستان و نە بەغداش دەبووە قیبلەگای چارەسەر، بەڵام لایەنە سیاسییەکان، ئەوەندەی سەرقاڵی بابەتی لاوەکی و بەرژەوەندی حزبی بوون، نەپەرژانە سەر بەجێگەیاندنی بڕیارە ستراتیژییەکانی تایبەت بە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان.

یەکێکی تر لە هۆکارەکان سیاسەتی نادروستی هێزە سیاسییەکانە لەهەمبەر شەرعیەتی دامەزراوەکان و بێبایەخ کردنیان، کە مامەڵەکردن لەگەڵ پەرلەمان لەلوتکەی ئەو بێ ئەرزش کردنەدا خۆی دەبینێتەوە، بۆیەش بەرپرسیاری یەکەم لەو پاشاگەردانیە مێژووییەی رووی لە ئەزمونەکە کردووە، خولی پێنجەمی پەرلەمان و سەرۆکایەتیەکەی بوون، کە جێبەجێکاری ئەو سیاسەتە قێزەونە وێرانکەرە بوون. چونکە هیچکام لە گرفتەکانی هەمواری یاسای هەڵبژاردن، بژارکردن و پاک کردنەوەی تۆماری دەنگدەران، دۆسیەی کۆتاکان، نوێکردنەوەی دامەزراوەو دەستەکانی وەک کۆمسیۆنی هەڵبژاردن، دەستەی دەستپاکی، دیوانی چاودێری دارایی ئەوەندە قورس نەبوون تا پەرلەمان نەتوانێ چارەسەریان بکات، لاوازی و دەستەمۆیی و بێ ئیرادەییان وای کرد لەئاست بەرپرسیارێتی و بەجێگەیاندنی ئەرکە سەرەتاییەکانی پەرلەمان و ئەو سوێندە یاساییەدا نەبن کە خواردبوویان!

ئەو پاشاگەردانی و گەرەلاوژەیەی لە هەرێمدا دەگوزەرێت، ئاسۆی بینینی لای تاکی کورد لێڵ کردووە، تا ئاستێک دۆست و دوژمنی لێتێکەڵ ئەبێت و سەرکەوتن و شکست لە یەک جیا ناکاتەوە. پارتی و یەکێتی، وەک دوو هێزی سەرەکی، لەبری پاراستنی شوناسی کورد و سەروەریی نیشتمان، خەریکی پاراستنی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیانن، دەبێ لەو راستیە بگەن، ئەو شێوازە حوکمرانیەی تا ئێستا لە هەرێمدا پەیرەویان کردووە شکستی خواردوە، بەردەوامبوون لەسەری هەم کۆتایی بە ئەزمونەکە دەهێنێت و هەم لەبەردەم مێژوودا تۆمەتبار دەبن بە لەباربردن و بەفیرۆدانی خەبات و قوربانیدانی قۆناغێکی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان، بۆ دەرباز بوون پێویستمان بە لێبوردەیی و بنیاتنانی سیستمێکی سەردەمیانەی نوێ هەیە، پێویستە ئەو مەترسیانەی ببنە هۆی راچڵەکینی سەرکردایەتی کوردستان و بیکەن بە دەرفەتێک بۆ دەرچوون لەو میحنەتانەی بەسەر خەڵکی کوردستان و ئەزمونەکەیاندا هێناوە.

**ئینستتیۆتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان**

**٢٠٢٤/٣/٤**